www.hetaw.net
ژمارە (٨٦٢) چوارشەممە ٧ ی تەمموزی ٢٠١٠ ی زایینی
ئاڵای ئازادی هەموو چوارشەممەیەک

یەکێک لەدەرهاویشتەکانی قەیرانە داراییەکە دەرخستنو زاڵکردنی ڕۆڵی هێزە تازەدەرکەوتووەکان بوو، ئەوەبوو گرووپی دارایی بیست دەوڵەت کە لەکۆمەڵێک دەوڵەتی دەوڵەمەندو کۆمەڵێکی تازەپێگەیشتوو پێکهاتووە، جێگەی گرووپی هەشت دەوڵەتی گرتەوە، هەر ئەو گرووپەش پێگەی خۆی لەلاسەرووی کۆڕو مەحفەلەکانی تایبەت بەوتووێژو بڕیارە ئابوورییەکاندا داگیرکرد

# داود ئۆغڵو و تێکچوونی پەیوەندییەکانی تورکیاو وڵاتە یەکگرتووەکان

ئەیوب جان
حوررییەت

ئاهەنگێکی خەڵات بەخشینەوە بهێننە بەرچاوی خۆتان کە خاوەنەکەیو دەستەی ڕێکخەری ئاهەنگەکە ئامادە نەبن تیایداو بۆ دابەشکردنی خەڵاتەکانیش هەر ئامادە نەبن. لەئاهەنگی بەخشینەوەی خەڵاتی ۆدرۆ ویلسۆنی ئەمریکیدا کە ئەو خەڵاتە بەخشرا بەئەحمەد داود ئۆغڵوی وەزیری دەرەوەی تورکیا، لەپای سەرکەوتنە مەزنەکانی لەمەیدانی سیاسەتی دەرەکیدا، دیمەنەکە بەو جۆرە دەهاتە بەرچاو. چونکە دیپلۆماتکارە ئەمریکییەکانی تورکیا بایکۆتی ئاهەنگەکەیان کرد، کە پێشتر هەمیشە ئامادەی دەبوون. کاتێکیش داود ئۆغڵو چووە سەر تەختی سەکۆکە، ناچاربوو داکۆکی لەسیاسەتەکانی خۆی بکاتو وەک تۆمەتبارێک ڕاوەستا، ئیدی کەوتە ماستاوکردن بۆ خاوەنەکانی ئەو خەڵاتەو وتی ئەمریکا سیمبوڵی هێزە لەدنیادا.

هەموانیش ئاگاداری ئەوەن کە داود ئۆغڵو یەکەمین کەس بوو ئەو ئیددیعایەی بەدرۆ خستەوە، ئەوەش دیمەنێکی پەژارا وییە. ئەمڕۆ چاوی سەرزەنشتو گلەییو تۆمەتبارکردن بەدوای داود ئۆغڵووەوەیە بەهۆی ئەو سیاسەتە دەرەکییەی کە ڕابەرایەتیی دەکات. ئەو وەهای دەردەخات کە هەموو کاروبارەکان ئاسایینو بەباشی بەڕێوەدەچن، لەکاتێکدا زۆر ڕوونو ئاشکرایە کە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو ئەمریکا تووشی شکست بووە بەبەراورد لەگەڵ ڕابردوودا، دوای ئەوەی کە تورکیا لەساڵی ٢٠٠٣دا ڕێگەی نەدا سوپای ئەمریکا لەخاکی تورکیاوە پەلاماری عێراق بدات. وەزیری دەرەوەی ئێستای تورکیا گرەوی لەسەر ئەوە کرد کە حکومەتی ناتنیاهۆ وەلابنرێت، لێکدانەکەشی ئەوە بوو کە کاتێک حکومەتێکی ئاشتیخوازی ئیسرائیلی جێگەی حکومەتەکەی ناتنیاهۆ دەگرێتەوە، ئەو حکومەتە نوێیە ناچارە خۆی فڕێبداتە باوەشی تورکیاوەو ڕێککەوتننامەی ئاشتی ئیمزابکات.

گرفتەکە لەکەسی داود ئۆغڵو خۆیدا نییە، ئەوەش ڕاست نییە کە دەوترێت گوایا ناکۆکییەک کەوتووەتە نێوان ئەوو ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆک وەزیران، بەهۆی درەوشانەوەی ئەستێرەی داود ئۆغڵو لەسەر حسابی ئەستێرەکەی ئەردۆگان، گرفتەکەش لەنیازەکانی ئەو پیاوەداو لەهەوڵەکانیدا نییە بۆ دەرکەوتنی تورکیا وەک دەوڵەتێکی زلهێزی ناوچەییو بگرە جیهانیش لەسیستمی نوێی نێودەوڵەتیدا. بەڵکو گرفتەکە لەوەدایە واز لەپەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بهێنرێت بەوجۆرە بەرەو وێرانبوون بڕواتو گرەو لەسەر ڕووخاندنی حکومەتی ئیسرائیلو وەلانانی ناتنیاهۆ بکرێت.

هیچ وشەیەکمان لەداود ئۆغڵو نەبیست لەسەر ئەحمەدی نەژادێک کە ساختەکاری لەئەنجامی هەڵبژاردنەکانی وڵاتەکەیدا کردو ئۆپۆزسیۆنی سەرکوتکردو ئازادییەکانی سنووردارکرد. خۆ ئەگەر دەڵێین سیاسەتی دەرەکیمان لەسەر بنچینەی کۆمەڵێک پرەنسیپی ڕاشکاوانەو نەگۆڕ دامەزراوە، ئێران لەکوێی ئەو پرەنسیپانەدایە؟

تورکیا بۆ ڕاییکردنی دڵی ئێرانو بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی ئەو، لەناو ئەنجومەنی ئاسایشدا تەحەددای ئەمریکای کرد، لەملاشەوە شەڕی ساردی بەرووی ئیسرائیلدا ڕاگەیاند. داود ئۆغڵو لەسیاسەتە دەرەکییەکەیدا ناتوانێت خۆی لەراستییەکان گێلبکاتو دەستبەرداری تیئۆرەکانی خۆی نەبێتو دیلی بنەما خەیاڵییەکانی بمێنێتەوە. من لێرەدا مەبەستم داکۆکیکردن نییە لەئیسرائیلو کەللەڕەقییەکەی، یان داکۆکیکردن لەدەستدرێژییەکەی ئیسرائیل بۆ سەر کەشتیگەلی ئازادی، بەڵام ئایا کایەی دیپلۆماتیکی تورکی زانی بەرێکوپێکی قەیرانی کەشتیگەلەکەی ئازادی ئاڕاستەبکات؟

خۆ ئەگەر داود ئۆغڵو پێیوایە سەرکەوتوو بووە لەئیدارەکردنی ئەو قەیرانەدا، ئەی بۆچی یەک شەو پێش ئەو قەیرانە لەگەڵ ئەردۆگان مشتومڕی بوو لەسەر سازکردنی دیدارێک لەنێوان ئەردۆگانو ناتنیاهۆ لەپێناوی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو ئیسرائیل؟ چ پلانو نەخشەیەک لەسیاسەتی کەسێکدا هەیە داوا لەدەوڵەتێک بکات کە ئامادەیی تیادایە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ دەوڵەتێکی دیکە گەرمبکاتەوە، دوای تەنها یەک ڕۆژ لەدەربڕینی ئەو ئامادەییە داوای لێبکات جەنگ بەرووی ئەو دەوڵەتەدا بەرپابکات؟

# پەکین ماتەمات دەکاتو یوان بەلاوازی دەهێڵێتەوە

پۆل گرۆڤمان*
نیویۆرک تایمز

لەکۆتاییەکانی هەفتەی ڕابردوودا (وتارەکە ڕۆژی ٢٤ی حوزەیران نوسراوە – ئاڵای ئازادی)، چین ڕایگەیاند کە سیاسەتی نەختینەیی خۆی گۆڕیوەو بەوەش پێشی بەداوا شێلگیرانەکەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو وڵاتانی دیکەی ئەندامی گرووپی بیست دەوڵەت گرت کە لەکۆبوونەوەی لوتکەی داهاتووی گرووپەکەدا دەخرایەڕوو. بەداخەوە سیاسەتە نوێیەکەش خۆی لەوە لادەدات گرفتە ڕاستەقینەکە چارەسەربکات، چونکە چین برەو بەهەناردەکانی خۆی لەسەر حسابی وڵاتانی دیکەی دنیا دەدات.

لەراستیشدا هەنگاوەکەی چین هەنگاوێکی باش نییە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ قاچڕاکێشانی تەحەففوزەکەی ئەمریکاو کەڵک وەرگرتن لێی. ئەوەتا ئیدارەی ئۆباما لەهەوڵەکانیدا بۆ قایلکردنی حکومەتی چین بەپاشگەزبوونەوە لەدابەزاندنی نرخی یوان (درای چینی)، شێوەزمانێکی دیپلۆماتیکی بەکارهێنا. ئەمڕۆش چین هەمان زمانی ئەمریکییەکان بەکاردەهێنێت بۆ خۆدزینەوە لەبەدەمەوەچوونی سکاڵاکەی ئەمریکا. ئەم سیاسەتە وەک گەمەی چاوشارکێ وەهایە. پەکین نرخی ساغکردنەوەی یوان دادەبەزێنێت لەڕێی فرۆشتنی یوانو کڕینی دراوی بیانییەوە. ئەم سیاسەتەش ئاکامبەخشەو مەرامەکانی دەسەڵاتی چین دەهێنێتەدی کە کۆتوبەندی یاسایی بەسەر جموجووڵی دراودا سەپاندووە لەچینەوەو بۆ چین. بەوەش دەستی حکومەت لەبازاڕی دراودا زاڵدەکات. بەڵگەش لەسەر ئەوەی کە چین نرخی ساغکردنەوەی دراوەکەی دادەبەزێنێت ئەوەیە کە بانکی مەرکەزی ئەو وڵاتە بایی زیاتر لەدوو تریلیۆن دۆلاری لای خۆی گلداوەتەوە. چین ئیددیعای ئەوە دەکات گوایا نرخی یوان لەبەها ڕاستەقینەکەی خۆی کەمتر نییە، بەڵام، ئەگەر ئەو قسەیە ڕاست بێت، ئەی چ شتێک چینی ناچارکرد ڕۆژانە نزیکەی بایی نزیکەی دوو بلیۆن دۆلار دراوی بیانی بکڕێت بۆ ئەوەی نرخی دراوەکەی بەرز نەبێتەوە؟ دیارە دەرەنجامی ئەو سیاسەتەش دابەزینی نرخی شمەکی چینی لەبازاڕەکانی دەرەوەو بەرزبوونەوەی نرخی شمەکی دەرەکییە لەبازاڕەکانی چیندا. چین وەک ئەوەیە کۆمەکی هەناردەکانی بکات لەڕێی کۆمەکی داراییداو باجێکی خۆپارێزیش بەسەر ئەو شمەکانەدا بسەپێنێت کە لەدەرەوەڕا دێنە بازاڕەکانییەوە.

خۆ زیانەکانی ئەم سیاسەتانەش لەم کاتەدا کە ئابووریی جیهانی تووشی چەقبەستن هاتووە، کەم نین. لەکاتە ئاساییەکاندا دەتوانرێت بوترێت کە کڕینەوەی سەنەدی ئەمریکی لەلایەن چینەوە قەرزی هەرزانبەهای بۆ مسۆگەر دەکات، با ئەو پرۆسەیە تەرازووی بازرگانیش لاسەنگ بکات. هەروەک دەکرێت بوترێت کە ئەوە ئێمەین، نەک چین، بەرپرسین لەپەنا بردنەبەر قەرز بۆ فووکردن بەبڵقی بازرگانیدا. بەڵام ئێستا هەلومەرجەکە گۆڕاوەو پێویستیمان بەزیندووکردنەوەیەکی بەهێزی جووڵەی خواست لەسەر شمەکو خزمەتگوزاری هەیە بەجۆرێک کە ئەو هەلی کارانە دابین بکات کە پێویستیمان پێیانە.

داهاتەکانی نرخی نزمی یوان بۆ ئەو کۆمپانیایانەی هەناردەکردن دەگەڕێتەوە کە دەسەڵاتی سیاسییان هەیە. بەڵام ئەو کۆمپانیایانە پارە پاشەکەوت دەکەنو بەشێک لەداهاتەکانیان بەسەر کرێکارەکانیاندا دابەش ناکەنەوە. یوانی لاواز لەئەنجامدا مەیلی هەڵاوسان زیاددەکاتو وەها دەکات بەشێکی زۆری بەرهەمی چینی بۆ کڕینەوەی ئوسوولێکی بیانی خەرج بکرێتەوە کە داهاتیان کەمە.

سیاسەتی نوێی چین ڕێگای کردووە بۆ بەرزبوونەوەیەکی سووک لەنرخی یواندا، بەوەش نرخەکەی نیو پلە لەچاو نرخی پێش گرتنەبەری ئەم سیاسەتە نوێیە، بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینی. هەموو نیشانەکانیش ئاماژە بەوە دەدەن کە نرخی یوان وەک خۆی دەمێنێتەوەو ئەو چاودێرانەی کە چاوەڕوانی گۆڕانکاری دەکەن تووشی هەمان چارەنووسی ئەوانە دەبنەوە کە چاوەڕوانی وشکبوونەوەی بۆیاغی دیوارەکان دەکەن. هەتا ئەمڕۆش بەرپرسانی چین نکۆڵی لەوە دەکەن ئەگەرێک هەبێت بۆ کەمبوونەوەی ڕاددەی ناسەنگییە بازرگانییەکە بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی یوانەوە. پێشبینیی ئەوەش دەکرێت بەرزبوونەوەی نرخی یوان لەهەموو حاڵەتێکدا تا کۆتایی ئەمساڵ لەڕێژەی ٢% تێپەڕ نەکات. ئەم ڕێژەیەش بەراستی گاڵتەجاڕییە، پێشدەچێت حکومەتی چین پەنا بباتەبەر کوشتنی کات لەچاوەڕوانی ڕوودای شتێکی کتوپڕو چاوەڕواننەکراودا. بەڵام کاتی ئەوە هاتووە چین واز لەفرتوفێڵو تەڵەکەبازی بهێنێت. ڕەتکردنەوەی گۆڕانکاریش سەرەتایەکە بۆ تاوتوێکردنی ئەگەرەکانی سەپاندنی سزای بازرگانی بەسەریدا.

* خاوەنی خەڵاتی نۆبڵی ئابوورییە.

# ٧٠ ساڵ بەسەر بانگەوازەکەی دیگۆل

ژان لوی کریمیۆ بریلاک*
لی ستوار

ئەو کاتەی لە١٧ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٤٠دا دیگۆل پەنای بردەبەر لەندەن، دوابەدوای بانگەوازەکەی ١٨ی حوزەیران، جێگری وەزارەتی دەوڵەت بوو بۆ کاروباری بەرگریی نیشتمانی لەحکومەتەکەی پۆل رینۆدا، دواتریش سەرۆکی وەزارەت بوو لەگەڵ جۆرج ماندێل کە یەکێک بوو لەسەرسەختترین لایەنگرانی بەرەنگاربوونەوەی ئەڵمانییە داگیرکەرەکانو بەهێزترین بانگەشەکاری جەنگی بێ سازش بوو. حکومەتی بەریتانیاش ویستی بەپێشوازیکردنی دیگۆل کەسێک لای خۆیەوە مسۆگەر بکات بۆ درێژەدان بەبەرەنگاربوونەوە بەناوی فەرەنساوە لەپایتەختی بەریتانیاوە، لەحاڵێکدا ئەگەر هاتوو حکومەتەکەی بۆردۆ هاوپەیمانییەکەی خۆی لەگەڵ لەندەن هەڵوەشاندنەوە.

ئەو کاتە نوێنەرانێک لەهەموو ئەو وڵاتە ئەوروپاییانەوە کە ئەڵمانیا داگیری کردبوون، ڕوویان کردبووە لەندەن، نەرویژو بەلژیکو هۆڵەنداو پۆڵەندا. بەرپرسانی بەریتانی، یان بەشێک لەو بەرپرسانە وەک هالیفاکسی وەزیری دەرەوەو چەند دیپلۆماتکارێک، بێئومێد نەبوبوون لەپەشیمانبوونەوەی بیتان لەقایلبوونەکەی بەمەرجە قورسەکانی ئاگربەست کە هێزی داگیرکاری ئەڵمانیا بەسەر ئەو مارشاڵە پیرەدا سەپاندبوویانو بێئومێد نەبوبوون لەوەی جەنگ لەبەرەی فەرەنساوە درێژە بکێشێت.

چەرچل ئەو کەسە بوو کە سەرلەبەیانی ڕۆژی ١٨ی حوزەیران بڕیاریدا بانگەوازەکەی دیگۆل لەرادیۆی بەریتانیاوە پەخش بکرێتو بەوەش بازیدا بەسەر تەحەففوزەکانی ئەنجومەنی وەزیراندا. چەرچل داوای هاوکاریی کرد لەگەڵ دیگۆلداو لەماوەی دوو هەفتەی پێش ئەو بانگەوازەدا چوار جار چاوی پێکەوت، دوو جار لەبارەگای ئەنجومەنی سەربازیی هاوپەیمانانو دوو جاریش لەدوای ئەوەوە کە گەیشتە لەندەن، سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا پێشبینیی ئەوەیکرد پەرلەمانتارە فەرەنسییەکان بگەنە شاری جەزائیرو لەوێوە سەرکردایەتیی جەنگەکە بکەنو لەدوای ئەوانیشەوە لایەنگرانو ڕابەرانی فەرەنسا لەسنووری ئیمپراتۆرییەتو کۆڵۆنیاڵەکانیدا. هەر لەسەر ئەو بنەمایە چەرچل لەداونینگ ستریت وەک جێگری کۆماری سێیەم پێشوازیی لەدیگۆل کرد بەو هیوایەی ببێتە پێشەنگێک بۆ چەندین کەسی تری هاوشێوەی خۆی کە بەدوایدا بێن.

گومانیش لەوەدا نییە کە وتارەکەی ڕۆژی ١٨ی حوزەیران بەرهەمی دەمبوون یان کاملبوونێکی دوورودرێژەو بەشی دواهەمینی ڕووداوەکانو پەلاماردانی فەرەنسا لەلایەن هێزەکانی ئەڵمانیاوە وەهایکرد پەلەی تێدابکرێت. بیرۆکەی ئەو وتارە گشتگیرە دەگەڕێتەوە بۆ ماوەیەک پێش هەڵایسانی جەنگەکە. ئەوەبوو لەساڵی ١٩٣٤دا دیگۆل کتێبێکی بڵاوکردەوە لەژێر ناونیشانی (ئامادەکردنی سوپایەکی پرۆفیشناڵ) کە تیایدا بۆچوونی وەهابوو جەنگی داهاتوو شەڕی پێگەو سەنگەر نابێت، بەڵکو شەڕی جموجووڵ دەبێتو ئامێرو ئامرازەکانی گواستنەوەی لەشێوەی تانکو ئۆتۆمبیلو ماتۆڕسکیلو فڕۆکەو کەشتی ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان دەبێت تیایدا. چونکە هاتنەئارای ماتۆڕ باروودۆخی جەنگی بەتەواوی هەڵگێڕایەوە. بۆیە، پێویستە سوپای فەرەنسا بەتەنها لەهەڵوێستێکی بەرگریکارانەدا نەمێنێتەوە لەپشت هێڵە خۆپارێزییەکانی ماجینۆ لەسەر سنوورەکانی نێوان فەرەنساو ئەڵمانیا، پێویستیشە هێزێکی گورزوەشێن ئامادەبکات لەکۆمەڵێک یەکەی سەربازی پڕماشێنو هێزێکی زرێپۆش لەپێش ئەو هێزەوە بێت.

کاتێکیش جەنگ هەڵایسا، دیگۆل سەرکردەیەکی بۆ بەتالیۆنی تانکی سەر بەسوپای فەرەنسا دامەزراند کە لەسەر سنووری ئەڵمانیا ئۆردوی بەستبوو. ئەوسا ڕاپۆرتێکی بۆ سەرۆکەکانی خۆی نووسی، واتە بۆ دالادیی سەرۆکی حکومەتی فەرەنساو هەردوو ژەنەراڵ گاملانو جۆرج، تیایدا داوای لێیان کرد بەپەلە سوپای فەرەنسا پڕماشێن بکرێت. لەکۆتاییەکانی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٤٠یشدا، کاتێک دەرکەوت کە کەس گوێ لەراپۆرتەکە ناگرێت، دیگۆل دەستیکرد بەدابەشکردنی ڕاپۆرتەکەی بەسەر ٨٠ بەرپرسی سیاسیی دیاردا بەبێ هیچ سڵەمینەوەیەک لەوەی کە دەسەڵاتی سیاسی بەگژ ژەنەراڵەکانی سوپادا بچێتەوە. لە١٠ی ئایاری هەمان ساڵدا ئەڵمانەکان سوپای خۆیان لەبەرەی ڕۆژاواوە دەستپێکرد، دوای ئەوە دیگۆل خرایەسەر لەشکری چوارەمی زرێپۆش، ئەو لەشکرەش ڕۆژی ١٧ی ئایار لەشەڕی ناوچەی مۆنکۆرنێ سەر بەپارێزگای ئین یەکەمین سەرکەوتنی خۆی بەدەستهێنا، دووەم سەرکەوتنیشی کە سەرکەوتنێکی زۆر زەقتر بوو لەهەمان مانگداو لەسەر ڕووباری سوم بەدەستهێنا. هێزەکە لەژێر فەرمانی دیگۆلدا ١٤ کیلۆمەتر پێشڕەویکردو ٥٠٠ سەربازی ئەڵمانی بەدیلگرت، بەڵام بەبێ ئەوەی بتوانێت ئەڵمانەکان لەپشتی ڕووبارەکەوە بگێڕێتەوە یان بەسەر پردەکەیاندا زاڵبێت. دوابەدوای شەڕەکەی مۆنکۆرنێ ڕادیۆی نیشتمانی فەرەنسا دیدارێکی لەگەڵ دیگۆل سازدا، لەو دیدارەدا زۆربەی خاڵە سەرەکییەکانی بانگەوازەکەی ١٨ی حوزەیران بەرجەستە بوون، وەک ئەوەی کە دەیوت هۆکاری یەکەمین سەرکەوتنی ئەڵمانەکان دەگەڕێتەوە بۆ فڕۆکەو زرێپۆشەکانیان، یان ئەوەی کە سوپای فەرەنسا دەتوانێت پشتبەستوو بەم نموونە ئاکامبەخشە سەرکەوتنی دیکە بەدەستبهێنێت. کەواتە بانگەوازەکەی ١٨ی حوزەیران بەرهەمی دەمبوونێکی دوورودرێژ بوو. بانگەوازەکە شۆڕشی ژەنەراڵێکی لاویش ناشارێتەوە دژ بەسەرکردایەتییەکی داخوراوو ئیفلیجی ئەرکانی سوپای فەرەنسی، لەسەروو هەموشیانەوە دژ بەمارشاڵ پیتان. بەرپرسیارێتییەکەی پیتان تەنها ئەوە نییە کە شتە کۆنەکانی وەک خۆیان هێشتبووەوەو نە چاکسازیو نە نوێکاریی نەدەکرد تیایاندا، چونکە ئەو پیاوە پێشەکییەکی بۆ کتێبەکەی ژەنەراڵ شۆڤینۆ (ئایا لەشکرکێشی ئەگەری ڕوودانی هەیە؟) نووسی لەساڵی ١٩٣٨دا تیایدا ستایشی بەرەی هێڵی ماجینۆی کردو وتی گوایا لەشکرە زرێپۆشەکان هیچ کەڵکێکیان نییە. دیگۆل داوای دەکرد جەنگ لەدژی ئەڵمانیا درێژەی هەبێت، چونکە ئەو کەرەستەو ئامرازە سەربازییانەی پشتی فەرەنسایان دا لەزەوی، دەشێت بگەڕێنرێنەوەو بۆ سەربڕینی ئەڵمانیا لەپشتی ملەوە بەکاربهێنرێنەوە.

بەشی زۆری فەرەنساییەکان وایاندەزانی کە کردە سەربازییەکانی ساڵانی ١٩٣٩و ١٩٤٠ قۆناغی سێیەمی جەنگێکن لەنێوان فەرەنساو ئەڵمانیا کە لەساڵی ١٨٧٠وە دەستی پێکردووە. بەڵام دیگۆل بەپێچەوانەی بۆچوونی زۆرینەوە وتی کە کردە سەربازییەکان بەشێکن لەجەنگێکی گەردوونی، ئەوەش نیشانەی دیدێکی وردبینانەی زۆر دانسقەیە لەو ڕۆژگارەدا کە جەنگەکە، دوای سڕینەوەی پۆڵۆنیا لەلیستەکە، تەنها لەنێوان فەرەنساو بەریتانیاو ئەڵمانیادا قەتیس مابوو. دیگۆل دڵنیابوو لەوەی کە فەرەنسا لەتوانایدایە بەدرێژایی خاکەکانی ئیمپراتۆرییەتەکەی لەئەفریقیاو لەهیندی چینیداو بەپشتی پیشەسازیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەو جەنگە بگرێتە ئەستۆی خۆی. مەزەندەی ئەوەیشی کرد کە ململانێی نێوان هەردوو ڕەگەزی جێرمانیو سلاڤی، بێگومان دواجار ئەڵمانیا ناچاردەکات پەلاماری یەکێتیی سۆڤیێت بدات. پێشیوابوو ئەمریکییەکان هەر دەبێت بگلێنە ئەو جەنگەوە، لەوەشدا بەرژەوەندیو پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەورووپاو گەلانی ئەورووپا پاڵنەریان دەبێت، هەروەک لەمەزەندەکردنی تێوەگلانی ژاپۆنیشدا بەهەڵەدا نەچوو.

گومانیش لەوەدا نییە کە دواهەمین ڕستەی وتارەکە هەر خۆی لوتکەی مەسەلەکەیە: "پێویستە مەشخەڵی هێزی بەرەنگاریی فەرەنسا خامۆش نەبێتو خامۆشیش نابێت. لەو بڕگەیەی سەرەوەدا بانگەوازەکە ڕوودەکاتە سەربازو ئەندازیارو کرێکارانی کەرتی پیشەسازیی دانیشتووی خاکی بەریتانیا، یان ئەوانەی سەردانی بەریتانیا دەکەن، ئەوەش دارشتنێکی وریایانەیەو خۆی لادەدات لەوەی سەرجەم هێزەکان لەفەرەنساو لەسەرتاسەری دنیادا بدوێنێت. چونکە ئەو دەمە ئاگربەست هێشتا ئیمزا نەکرابوو، دیگۆلیش بەدەستی ئەنقەست ڕەچاوی دەسەڵاتدارانی بۆردۆی دەکردو خۆی دەپاراست لەوەی بەهاندانی سەربازەکان بۆ هەڵاتن لەخزمەتی سەربازی تاوانبار بکرێت. لەهەمان کاتدا بەریتانییەکان لەوە دەترسان کەشیگەلی دەریایی فەرەنسا بکەوێتە چنگی ئەڵمانەکانەوە، بۆیە پێشنیاری ئەوەیان خستە بەردەم حکومەتەکەی بۆردۆ کە ئەو کەشتیگەلە پەنا بباتەبەر بەندەرەکانی ئەوان. ئەوەبوو دارلانی ئەدمیراڵی فەرەنسی پێشنیارەکەی ڕەتکردەوە. دیگۆل ناکۆکی لەگەڵ سەرکردەکانی سوپای فەرەنسادا هەبوو چ لەناو کۆڵۆنیاڵەکانو چ لەناو خودی فەرەنسا خۆیدا، بۆیە حکومەتی بەریتانیا ڕێگەی ئەوەی لێگرت لەنێوان ئێوارەی ١٨ی حوزەیران هەتا ٢٢ی هەمان مانگ کە بەرواری ئیمزاکردنی ئاگربەستەکەیە، فەرەنسییەکان بدوێنێت. ئەوسا کاتژمێر شەشی ئێوارەی ڕۆژی ٢٢ی مانگو لەگەڵ ئیمزاکردنی ئاگربەستەکە، دیگۆل ڕووی دەمی کردە سەرکردە سەربازییەکانی کۆڵۆنیاڵەکانو داوای ئەوەی لێیان کرد دژی ئاگربەستەکە بوەستنەوەو بچنەژێر بەیداخی هێزی سەربازیی نیشتمانی کە پێویستە ئەو چوونەیان وەک یەکەمین ئەرک ببینن.

* یەکێک لەلایەنگرەکانی دیگۆلو نووسەرەوەی مێژووی فەرەنسای ئازاد.